# بنەمای پەیوەندییەکانی روسیا و هەرێمی کوردستان

**د. زوبیر رەسول ئەحمەد***

وشە کلیلییەکان: روسیا، هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی کورد، وزە، تورکیا، عێراق.
https://doi.org/10.31271/jopss.10041

**پوختەی توێژینەوە:**

هەرچەندە پەیوەندی روسیاو کورد مێژووییێکی درێژی هەیە، بەڵام لەگەل ئەوەشدا پەیوەندییەکانیان لە سنورێکی تەسکی تاکتیکی و بەرژەوەندی کورتخایەندا تێنەپەریوە. پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئایا پەیوەندی روسیاو هەرێمی کوردستان لەسەر چ بنەماییەکە، یا وردتر بڵێین چ جۆرە پەیوەندیێکە؟ لەدەرەنجامدا بەو ئارگومێنتە گەییشتین کە پەیوەندی روسیا و کورد (هەروەها هەرێمی کوردستانیش) هەمیشە لە چوارچێوەی پرسێکی ترەوە بووە. واتا روسیا هەمیشە پرسی کوردی وەک کارتێکی گوشار لە دژی نەیارەکانی بەکارهێناوە بۆ مەبەستێکی تایبەت. پەیوەندییەکانی روسیاو هەرێمی کوردستانیش ئەگەر چی لە دوای ٢٠٠٣ فاکتەری بەرژەوەندی ئابورییشی هاتۆتە سەر، بەتایبەتی لە بواری وزە، بەڵام لە راستیدا هێشتا ئەو چوارچێوە ریالیستی و تاکتیکیە مێژووییەی تێنەپەڕاندووە. وێستگە سیاسیەکانی مێژووی پەیوەندییەکانی کوردو روسیا ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە مۆسکۆ هەرگیز تا سەر لەگەڵ کورد بەردەوام نەبووە. دوو فاکتەری سەرەکی کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر پەیوەندی روسیاو کورد بە گشتی. یەکەم، فاکتەری هەرێمی بە تایبەتیش فاکتەری تورکیا، کە روسیا هەمیشە لە پەیوەندییەکانی لەگەل کورددا رەچاوی کردووە. فاکتەری دووەمیش کە لە دوایی ٢٠٠٣ هاتۆتە نێو پەیوەندییەکانی هەردولاوە بریتیە لە فاکتەری وزەو بوونی کۆمپانیا روسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا. پەیوەندی دروستکردن لە گەڵ هێزێکی گەورەیی وەک روسیا گرنگی زۆری هەیە بۆ هەرێـمی کوردستان، بەڵام پشت بەستن بەو پەیوەندییانە هەرگیز جێگای متمانە نیە.

**ملخص البحث:**

**أسس علاقات روسيا واقليم كوردستان**

على الرغم من العلاقة الطويلة بين روسيا والكرد، الا أن هذه العلاقة لم تكن دوما طويلة الأمد بل أنها كانت تكتيكية وقصيرة المدى. هذه الدراسة تدرس فى أسس العلاقات المبنية بين روسيا وحكومة إقليم كردستان، من خلال التساؤل على اى اسس استندت تلك العلاقات بين روسيا وحكومة إقليم

* مامۆستا لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان - زانکۆی سەلاحەدین zubir.ahmed@su.edu.krd

كردستان؟ خلصت هذه الدراسة إلى أن العلاقات بين روسيا وحكومة إقليم كردستان ترتبط دائمًا بقضايا أخرى. استخدمت موسكو المسالة الكردية كورقة ضغط سياسي ضد خصومها في المنطقة. على الرغم من أن العامل الاقتصادي قد أضاف إلى العلاقات الروسية الكردية بعد عام 2003 ، وخاصة فيما يخص مسالة الطاقة، إلا أن علاقاتهما في الواقع لم تتجاوز حدودها التكتيكية والواقعية. يخبرنا تاريخ العلاقات الروسية- الكردية أن موسكو لم تقف أبدا مع المطالب الكردية حتى نهاية المطاف. تبحث هذه الدراسة في تلك العلاقات وترى أن هناك دافعين رئيسيين قد أثرا على العلاقات الروسية-الكردية. الدافع الأول هو وجود تركيا. إذ كانت روسيا دائمًا تاخذ علاقة تركيا بالكرد في نظر الاعتبار. الدافع الثاني، هو عامل الطاقة، والذي هو عامل حديث النشأة ولم يظهر إلا بعد عام 2003 من خلال تواجد شركات النفط والغاز الطبيعي الروسية العاملة في حكومة إقليم كردستان. صحيح أن إقامة علاقات مع روسيا أمر مهم بالنسبة لحكومة إقليم كردستان، ولكن الاعتماد الكامل على هذه العلاقات قد تشكل خطورة كبيرة.

**Abstract:**

**The Foundation of Russia-KRG Relations**

Despite the long relationship between Russia and Kurds, there relations have not crossed the tactical and short-term lines. The key question in this study is to examine the bases of Russia and KRG relations, through asking what Russia-KRG relations are based on? This study has concluded that Russia-KRG relations have always been linked with other issues. The Kurdish question has always been used as a political pressure card against Russia's rivals in the region for special reasons. Although, the economic factor has been added to Russia-Kurdish relations after 2003, especially energy deals, in fact their relations have not crocs its tactical and realistic boundaries. The history of Russia-Kurdish relations tells us that Mosco has never stayed with Kurdish demands till the end. Furthermore, this study has found that two main drivers influenced the Russia-Kurdish relations. The first factor is Turkey factor, in which Russia had always considered it in its relation with the Kurds. Second, is an energy factor which is a new factor and only emerged after 2003 through Russian oil and natural gas companies working in KRG. It is true that keeping relations with Russia is important for KRG, however over-reliance on these relations is not riskless.

# پێشەکی

روسەکان لە زۆر رووەوە نزیکترن لە گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە ئەوروپی ئەمریکیەکانەوە، ئەمەش بێگومان رەنگی داوەتەوە لە پەیوەندییە سیاسیەکانی روسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست. دیارە ئەمە بۆ گەلی کوردو هەرێمی کوردستانیش راستە، کە خاوەن پەیوەندیێکی مێژویین لەگەڵ روسیا. تا ئەو ئاستەی ئەمە وای لە توێژەرێکی روسی وەک "ڤادیم ماکارینکا" Vadim Makarenka کردووە بڵێت کە روس و کورد یەک بنەچەیان هەیە. هەرچەندە ئەم بۆچوونە پاڵپشتی و بەڵگەی مێژوویی نیە. بەڵام لە زۆر وێستگەی سیاسی و ئابوری و ئایدۆلۆجیش کورد ئاشنایەتی زیاتری هەبووە لەگەل روسەکان بە تایبەت دوایی ئەوەی کە شۆرشی ئۆکتۆبەر بەسەرکردایەتی کۆمۆنیستەکان لە ساڵی (١٩١٧) سەر دەگرێت و کاریگەریەکانی بەخێرایی بە تەواوی جیهاندا بڵاودەبێتەوە. هەڵبەتە کاریگەری ئەم شۆرشە بۆ گەلێکی چەوساوەو ژێردەستی وەک کورد زیاتریش بوو، چونکە لە زۆر رووەوە شۆرشی ئۆکتۆبەر موژدەی دونیاو ئایندەییەکی سیاسی و ئابوری باشتری بە نەتەوە ژێردەستەکان دەدا بە بەراورد بە روانگەی ئەوروپی و ئەمریکیەکان لەو سەردەمەدا بۆ پرسی کورد. هەڵبەتە ئەمە جگە لەو پەیوەندییە دوورودرێژەی کە لە نێوان یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو شۆرشە کوردییەکانەوە هەبووە[١].

لە دوای راپەرینی جەماوەری گەلی کوردستانی عێراق (باشوری کوردستان) لە ساڵی ١٩٩١، بە تایبەت دوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک دامەزراوەیەکی سیاسی و یاسایی لە ساڵی ١٩٩٢ دروستبوو، بەشێکی زۆری وڵاتان چ لە رێگای کردنەوەی کەناڵە دبلۆماسیەکان یان لە رێگای پەیوەندی نا فەرمی هەڵسان بە دروستکردن پەیوەددندی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بوونی پەیوەندی فەرمی لەگەڵ هەرێم لە وانەیە مایەی نیگەرانی بێت بۆ بەشێک لە وڵاتان، بە تایبەت وڵاتە دراوسێکانی وەک تورکیاو ئێران سوریاو، هەتا هەندێک جار عێراقیش.

جێگیربوونی هەرێمی کوردستان لە دوای ٢٠٠٣ وەک کیانێکی فەرمی و هەرێمێکی فیدراڵ لە عێراق و مافە دەستوریەکانی خەڵکی کوردستان لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا (لە ساڵی ٢٠٠٥)، پێگەیێکی دستوری و سیاسی بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان دروست کرد لە عێراقدا. بەڵام لە راستیدا گرنگی پێگەی هەرێمی کوردستان بۆ بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ناوچەکەو جیهانیش دوای ٢٠٠٨ دەستی پێکرد؛ واتا ئەو کاتەی هەرێمی کوردستان دەستی بە فرۆشتنی نەوت و دواتریش کارکردن لە گەل کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان کرد بۆ دەرهێنان و فرۆشتنی گازو نەوت. هەر لەو ساتەوە هەرێمی کوردستان بووە جێی پەیوەندی بەشێکی زۆر لە وڵاتان لە نێویشیاندا وڵاتێکی وەک روسیا کە هە ر زوو لە ساڵی ٢٠٠٧ قۆنسوڵگەری خۆی لە هەولێر کردەوەو، دواتریش کۆمپانیاکانی وەک

[١] بۆ نموونە مام جەلال لە کتێبی دیداری تەمەندا دەڵێت "سۆڤیەت بە باشی پشتیوانی لە مەسەلەی کورد ئەکرد، پێیان باش بوو کە ئێمە لە رێگای گفتووگۆوە شتێک بەدەستبهێنین، ئەترسان لەوەی کە عێراق و تورکیاو ئێران هەموو یەکبگرن و لە ناومان بەرن. ئەوکات سۆڤیەت ئەیویست ئێمە شۆرشەکەکان نەفەوتێنین". مام جالال، ٢٠١٧، دیداری تەمەن- لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەرگی یەکەم، چاوپێکەوتن : سەلاح رەشید، چاپخانەی کارۆ، ل٢٥٣.

رۆسنەفت و گازپرۆمیش ئێستا لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن[1].
- **پرسیاری سەرەکی ئەو توێژینەوەیە:** ئەوەیە کا ئایا پەیوەندی نێوان روسیاو هەرێمی کوردستان لە سەر چ بنەمایەکە؟ یاخود وردتر بڕۆین روسیا لە چ گۆشەنیگایەکەوە سەیری هەرێمی کوردستان دەکات؟ ئارگومێنیتی (گریمانەی) سەرەکی ئەو توێژینەوەیە ئەوەیە کە روسیا ستراتیجییێکی تایبەتی نیە بەرامبەر هەرێمی کودستان. واتا بنەمایی پەیوەندی هەرێمی کوردستان و روسیا پەیوەستە بە بوونی پرسگەلی تر لە ناوچەکدا کە بەزۆری پرسی کاتین و تایبەتن بە دۆخێکی دیاریکراو. هەندێک جار ئەم پرسە بریتیە لە هەڵکشانی پێگەی کورد لە هاوکێشە هەرێمیەکانی ناوچەکدا، بۆ نموونە، پێگەی کورد لە عێراق لە دوای ٢٠٠٣ دواتریش لە ٢٠٠٨ و ئینجا لە کاتی شەڕی دژ بە داعش لە ٢٠١٤، یاخود دوای ٢٠١١ لە سوریاو، یانیش بەکارهێنانی پرسی کورد وەک کارتێکی سیاسی بۆ گوشار خستنە سەر وڵاتانی ناوچەکە، ئینجا ئەمە ئەمریکا، عیراق، ئێران یان تورکیا بێت.
- **گرنگی ئەم توێژینەوەیە:** لە چەند لایەکەوە سەرچاوە دەگرێت؛ لە لایەک تاووتوێی پەیوەندی یان سیاسەتی روسیا دەکات وەک زلهێزێکی ئامەدەبووی بەردەوامی کاریگەر بەسەر هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکاندا، بە تایبەتیش کاریگەر لەسەر سیاسەتەکانی هەر یەکە لە ئەمریکاو هەروەها تورکیاو ئێرانیش کە ئەکتەری باڵادەستن لە ناوچەکەدا. لە لایەکی تریش دیراسەی فۆرمی پەیوەندی زلهێزێک (گرەیت پاوەرێک Great Power- ) دەکات لەگەل هێزێکی نادەوڵەتی (هەرێمی کوردستان) کە پێگەیەکی سنورداری هەیە لە ناوچەکەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هێزە تەنیا گوزارشت لەو پێگە سنوردارە ناکات کە هەیەتی، بەڵکو گوزارشت لە پرسی نەتەوەیەکی دیاری ناوچەکەش دەکات کە پرسی کوردە. ناسینی ئاراستەکانی سیاسەتی روسیا لە هەرێمی کوردستان گرنگیێکی تایبەتیشی هەیە لە بەرچاوڕوونی نوخبەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بۆ تێگەیشتن لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی روسیاو ناوچەکەشدا. ئەم توێژینەوەیە لە هەمانکاتدا گرنگی بۆ قوتابیانی زانستە سیاسیەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانیش هەیە بۆ تێگەیشتن لە بنەمای پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و روسیا. بە تایبەت توێژینەوەیەکی زانستی کە پشت ئەستور بێت بە چەندان سەرچاوەی ئاکادیمی و توێژەرە دیارەکانی بواری سیاسەتی دەرەوەو پەیوەندییە

[1] سەرەڕای ئەو تێبینیانەی هەمانە لەسەر پیشەسازی وەبەرهێنانی نەوت و فرۆشتنی لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام پیشەسازی نەوت رۆڵێکی یەکجار گەورەی بینیووە لە بووژانەوەی سیاسی و دبلۆماسی ئەم چەند ساڵەی هەرێمی کوردستاندا. وەبەرهێنان لە پیشەسازی نەوت و دواتریش فرۆشتنی، لە رووی سیاسیەوە هەرێمی خستە سەر نەخشەی وزەی جیهان، بە جۆرێک کە وایکرد هەرێم لە هاوکێشە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکاندا حساباتی تایبەتی بۆ بکرێت. بۆ نموونە تا ساڵی ٢٠١٣ هەرێمی کوردستان توانی ٦٠ گرێبەستی لەگەل کۆمپانیا جیهانیەکانی بواری نەوتدا واژوو بکات. بۆیە زیادەڕۆیی نیە گەر بڵێین بەشێکی زۆری ئەو کرانەوە دبلۆماسیەی لە ٢٠٠٨ تا ٢٠١٤، واتا هاتنی داعش بەرەو رووی هەرێمدا هەبووە پێوەندی بە فاکتەری وزە بە تایبەتیش وەبەرهێنانی نەوتەوە هەبووە. بڕوانە: زوبێر رەسول، رووداو، ٢٠١٩/٩/٢٥ ، رادەستکردنی نەوت بووژانەوە، یان پوکانەوەی هەرێمی کوردستان. بەردەستە لە ئینتەرنێت: https://www.rudaw.net/sorani/opinion/25092019?fbclid=IwAR3X3B2POtTtZ04xcLPYVvg Manc<<ZB8m68El6TcAEQI0EwBKFBn8do57L8S0 . [رۆژی سەردانیکردن ٢٠٢٠/٧/١].

نێودەوڵەتیەکان.

- **میتۆدەکانی ئەم توێژینەوەیە:** لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی گشتی پشت دەبەستین بە میتۆدی جۆرێتی – Qualitative Method، بۆ ئەم مەبەستەش چەندان سەرچاوەی زانیاری کۆکردنەوەمان بەکارهێناوە وەک کتێب، توێژینەوەو جۆرناڵی زانستی، لێدوانی رۆژنامەوانی، دۆکیومێنتی فەرمی[١]. بۆ ئەنجامدان و لێکدانەوەی تێروانینی پرسەکانی تایبەت بەم توێژینەوە، رێچکەی شیکاری- Analytical Approach دەگرینە بەر، واتا شیکردنەوەی هەڵسوکەوت و دیاردەو کێشە سیاسیەکان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەیان لە فۆڕمێکی تردا، کە لە هەمانکاتدا شیکردنەوەیێکی ووردی وێستگەکانی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و روسیا دەگرێتە خۆ. ئەمەش بە مەبەستی روانینی قوڵتر لە کێشەی توێژینەوەکە کە تایبەتە بە بوون یان نەبوونی پەیوەندی یان ستراتیجێکی تایبەتی روسیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان.

بۆ تێگەیشتن یان دۆزینەوەی ریشەی کێشەکە لە زۆربەی حاڵەتەکان رێگای رەخنەگرتن Critical engagement with sources لە تێکستەکانی پێشووترمان بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێکی جیاوازتر لە توێژینەوەکانی پێشوو. بێجگە لەوەش پشتمان بەستووە بە هەر یەکە لە رێچکە یان میتۆدی مێژوویی historical approach بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی وردترو باشترمان دەستکەوێت بۆ پەیوەندییەکانی هەر یەکە لە روسیاو هەرێمی کوردستان لە رابردوو بەستنەوەشی بە ئێستاوە[٢]. بۆ دەستگەیشتن بەسەرچاوەی زانیاریەکان هەریەکە لە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردیم بەکارهێناوە، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی پشتم بەستووە بە سەرچاوە ئینگلیزییەکان، بە تایبەت بەو توێژەرە دیارانەی کە لەسەر پەیوەندییەکانی روسیاو سیاسەتی دەرەوەی روسیا هەمبەر وڵاتانی جیهان و بە تایبەتی تریش سیاسەتەکانی روسیا لە رۆژهەڵاتی ناوین کاردەکەن.

- **پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و چوار باس پێکدێت؛ بۆ ئەوەی بەرچاومان روونبێت بە مێژووی مامەڵەکردنی روسیا لەگەڵ پرسی کورد و بزاڤی رزگاریخوازی کورد، باسی یەکەم تایبەت کراوە بە دەروازەیەک بۆ مێژوویی پەیوەندییەکانی کوردو روسیا. باسی دووەمیش تاووتوێی پەیوەندییەکانی روسیاو هەرێمی کوردستان دەکات لە ساڵی١٩٩١ تا ٢٠٠٣، واتا روخانی رژێمی بەعس لە عێراقدا. هەرچی باسی سێیەمە ئەوا تایبەتە بە دیراسەکردنی پەیوەندییەکانی روسیاو هەرێمی کوردستان لە دوای ٢٠٠٣، واتا لەدوای ئەوەی هەرێمی کوردستان بە فەرمی چوارچێوەیەکی یاسایی و سیاسی وەردەگرێت لە دەستوری عێراقدا. باسی چوارەمیش تایبەتە بەو فاکتەرانەی کە کاریگەری دروست دەکەن لەسەر پەیوەندی روسیاو هەرێمی کوردستان کە لە دوو فاکتەری سەرەکیدا کۆمکردۆتەوە. لە کۆتاییشدا دەرەنجامەکەنی توێژینەوەکە بە پوختی خراونەتە روو.

---

[1] Denzin, N. (ed.), 2007, The SAGE handbook of qualitative research. 3. ed., SAGE Publications, Thousand Oaks. P3.

[2] Seale, C. (2011). Secondary Analysis of Qualitative Data, in: Qualitative Research (ed. D. Silverman), 3rd ed., pp. 347-364, SAGE Publications, London. P.347.

## باسی یەکەم/ کورتەیەک لە مێژووی پەیوەندییەکانی کوردو روسیا

پەیوەندی کوردو روسیا رەهەندێکی مێژووی درێژی هەیە و دەگەرێتەوە بۆ دوو سەدە لەمەوبەر، واتا کاتێک ژنە ئیمپراتۆری روسیا کاترینی مەزن لە ساڵی١٧٨٧ فەرمانیدا بە بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی[١]. چونکە میرنشین و خێڵە کوردییەکان رۆڵێکی گەورەیان بینی لە هاوکاریکردنی روسەکان لە دژی فارس و عوسمانییەکان. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە پەیوەندی زێرینی روسیاو کورد دەگەرێتەوە بۆ دوای جەنگی جیهانی دووەم[٢]. بە تایبەت کاتێک موسکو هەڵسا بە پاڵپشتیکردنی کۆماری مهاباد لە کوردستانی ئێران لە ٢٢ کانونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦[٣]. دروستبوونی ئەم کیانە چرکە ساتێکی گرنگ بوو بۆ بزاڤی شۆرشگێری کورد، بە تایبەتیش لە کوردستانی عێراق (باشور) بەڵام دوای ساڵێک هەر زوو لە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٧ لایەن شای ئێران روخێنرا.

رووخانی کۆماری مهاباد بێئومێدبوونێکی زۆری دروست کرد لە گشت بەشەکانی کوردستان و بووە هۆی دەربەدەربوونی بەشێکی بەرچاوی کورد، بە تایبەت ئەوانەی بەشداریی سیاسی و سەربازییان لە دروستکردنی ئەو کۆمارەدا کردبوو. ئەمە وایکرد سەرکردەی بەرهەڵستکاری کوردی عێراق مەلا مستەفایی بارزانی کە بە پلەی وەزیری جەنگ بەشداری کردبوو لەکۆمار مەهاباد کۆچ بکات بۆ یەکێتی سۆڤیەت و ١٢ ساڵ لەوێ بمێنێتەوە[٤]. ئاوەرەبوون و مانەوەی کوردانی عێراق لە روسیاو کاریگەری زۆری هەبوو بەسەر پەیوەندی کورد لەگەل روسیا، بە تایبەتیش مەلا مستەفای بارزانی. بە جۆرێک کە لە ساڵی ١٩٥٩ کورد سێ نوێنەری لە کۆنگرەی کۆمیتەی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمینیا هەبوو. پەیوەندییەکان بەجۆرێک گەشەیان کرد تا لە ساڵی ١٩٥٥ خرۆشۆف گەیشتە ئەو باوەرەی کە روسیا پێویستە یارمەتی بزووتنەوە سیاسیەکانی کورد بدات[٥].

لە خوێندنەوەی بەشێک لە مێژووی پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کورد زۆر جار دەگەینە دەرەنجامێک لە روانگەی روسەکان کورد وەک کەمینەیەکی نەتەوەیی ژێردەست

[1] Reynolds, M. A. (2016). Vladimir Putin, Godfather of Kurdistan. The National Interest, 1. <<https://nationalinterest.org/feature/vladimir-putin-godfather-kurdistan-15358>>. [Accessed 12/7/2020].

[2] Xalid G. (2016). Kurds, Russians origins the same, portal Kurdistan24.net, online <<http://www.kurdistan24.net/en/news/859bdd87-809a-4c97-8bd8-a2437ed7d767/author-kurds--russians-origins-the-same>> [Accessed 1/7/2020].

[٣] ليونيد إيساييف، ٢٠١٨ القضية الكردية في تاريخ وسياسات روسيا. مركز الجزيرة للدراسات. بەردەستە لە ئەنتەرنێت <<https://studies.aljazeera.net/ar/reports/2018/08/180823085901989.html>>. رۆژی سەردانیکردن [٢٠٢٠/٧/١٢].

[4] Delanoë, I. (2015). The Kurds: A Channel of Russian Influence in the Middle East? Franco-Turkish Paper, No. 14. P.6.

[5] Bielicki, P. (2017). Policy of the Russian Federation towards Kurds in the Syrian Conflict. University of Casimir the Great in Bydgoszcz, Poland. P35.

دەتوانرێت سودیان لێوەربگیرێت بۆ گوشار خستنە سەر وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەت ئەوانەی لە بەرەی یەکێتی سۆڤیەت نین. بۆ نموونەجۆزێف ستالین کوردی وەک ئامرازێک دەبینی بۆ لاوازکردنی پێگەی ئەمەریکی و بەریتانیەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست[١]. ڤیاشیلاڤ مۆلۆتۆڤ وەک گەورە دبلۆماسێکی سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت بەکارهێنانی کوردی وەک ئامرازێک دەبینی بۆ لاوازکردنی محەمەد رەزا شا و روخانی میرنشینی فارس Persia لە ناوخۆدا، ئەمەش وەک دەرفەتێکی گونجاو بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە بواری کۆدەنگی لەسەر بەکارهێنانی ووزە، وەک چەکێک دژی رۆژئاوا[٢]. بۆ نموونە کاتێک روسەکان هاوکاری بزاڤی شۆرشگێری دەکەن لە باکوری عێراق، بە تایبەتیش مەلا مستەفای بارزانی لە رووی چەک و تەقەمەنیەوە ئەوا مەبست لێی گوشار خستنە سەر حکومەتەکەی نوری سەعید بوو لە بەغدا کە ئەو کات پەیوەندییەکی زۆر تۆکمەی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا هەبوو[٣].

لە ساڵی ١٩٥٨ مەلا مستەفاو هاوەڵەکانی روسیایان جێهێشت بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ عیراق، چونکە لە رێگای کۆدەتا ( شۆرشی)ی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ توانرا سیستمی پاشایەتی بروخێندرێت و رژێمێکی کۆماری نوێ جێبگیرێتەوە بە سەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم. ئەم رووخانەی رژێمی پاشایەتی وەک سەرکەوتنێک بۆ کۆمۆنیستەکان و روسیاش لە ناوچەکەدا سەیر دەکرا. بۆ کوردیش دیارە ئومێدێک هەبوو کە لەیەک تێگەیشتنێکی باش دروست بێت لە گەڵ عەبدولکەریم قاسم، بەڵام دوای ٢ ساڵ، کورد بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی نەگەیشتن بە رێکەوتن لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم، بۆیە بڕیارياندا بە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە دژی عیراق. بەڵام روسەکان بە پێچەوانەی ئەو هەڵوێستەی هەیان بوو بەرامبەر حکومەتی نوری سەعید لەناکاو ئەو هەڵوێستەیان دەگۆردرێ بەرامبەر بە کورد کاتێک عەبدولکەریم قاسم دێتە سەر دەسەڵات و رژێمی پاشایەتی دەروخێنێت لە عێراق. چونکە عەبدلکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٩ کۆمەڵێک رێکەوتنی لەگەڵ روسیا واژووکرد لە بواری پرچەککردنی سوپای عێراق، هەروەها عێراق تاکلایەنە کشایەوە لە "هاوپەیمانێتی هاریکاری ئاسایشی هاوبەش" کە عێراق هەیبوو لەگەڵ بەریتانیا[٤]. بەڵام دوایی روخانی رژێمی عەبدولکەریم قاسم، روسیا دیسان رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە ئەنجامدانی رێکەوتنی ئاشتی لەنێوان کوردو بەغدا لە ١١ ئاداری ١٩٧٠ کە دواتر جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە عێراقدا بەدەستهێنا[٥]. یەفگینی پریماکۆڤ لە یاداشتەکانیدا ئەوە دەگێرێتەوە کە لە ساڵی ١٩٦٦ تاوەکو ساڵی ١٩٧٠ رۆڵێکی سەرەکی بینیووە لە ناوبەندیکردن لە نێوان حکومەتی عێراق و کورددا، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین جار

---

[1] Shakarian, P. (2017). Top Ten Origins: Russia's Relations with the Kurds. Online <<http://origins.osu.edu/connecting-history/top-ten-origins-russia-s-relations-kurds>>. [Accessed 20/6/2020].

[2] Bielicki, P. (2017). Op. cit. p. 34-35

[٣] إياد الجعفري، ٢٠١٩. الكُرد وروسيا: تاريخ من الخيبات. المدن، بەردەستە لە ئینتەرنێت: <<shorturl.at/nPR68>>. [رۆژی سەردانیکردن ٢٠٢٠/٧/٥].

[٤] لیونید إیساییف، سەرچاوەی پێشوو.

[5] Delanoë, I. (2015). Op. cit. P7.

سەردانی بارزانی کردووە لە ناوچەکانی کوردستاندا [١]. لە راستیدا دوای هاتنە سەرکاری بەعسیەکانیش مۆسکۆ هەر کاری دەکرد بۆ دروستکردنی دۆستی بەهێز لە عێراقدا ئەمەش لە رێگای دروستکردنی "بەرەیەکی نیشتمانی " کە چەند لایەنێکی سەرەکی بگرێتەوە، بە تایبەت شیوعیەکان و بەعسیەکان و هەروەها کوردیش. بۆ ئەم مەبەستە لە ٢٨ شوباتی ساڵی ١٩٧٢روسیا نوێنەرێکی پایەبەرزی خۆی ناردە لای مەلا مستەفای بارزانی بۆ بەشداریان لە بەرەی نیشتمانی، لە بەرامبەریشدا مۆسکو بەڵینی ئەوەی بە بارزانی دا کە بیانپارێزێت لە مەترسییەکانی ناوچەکە، هەروەها بۆ رێککەوتن لەگەڵ بەعسیەکانیش هاوکاریان بکات[٢].

یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو وەک مەڵبەندێک کە سەرکردایەتی ئایدۆلۆژی کۆمۆنیزمی دەکرد لە جیهاندا کاریگەری هەبوو لەسەر پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، چونکە نەتەوە ژێردەستەکان وەک رێگایەک بۆ سەربەخۆیی دەیانڕوانیە سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم. کەچی وەک دەزانین لە بنەڕەتا سۆشیالیزمی کۆمۆنۆیزم گرنگی نادەن بە پرسە نەتەوەییەکان بەڵکو لە چوارچێوەی بەهایێکی باڵاتردا سەیری کێشەی کەمینە نەتەوەییەکان دەکەن کە سۆشیالیزمە. بۆیە یەکێتی سۆڤیەت وەک مەرجەعێک وابوو بۆ بەشێکی زۆر لەو نەتەوەو کەمینانەی کا چاوەڕێی مافی سیاسی و ئابوری باشتر بوون. بە جۆرێک لە سەرەتای روخانی یەکێتی سۆڤیەت ژمارەی کوردەکان لە نێوان ٣٠٠ هەزار تا ٥٠٠ هەزار کورد دەبوو لە روسیا[٣]. لە دوای شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ کرملین هەمیشە پەیوەندی نەبڕیووە لە گەڵ کورد، هەندێک جاریش بە ئاشکرا پشتگیری کردوون لە دژی نەیارەکانی، بە تایبەت لە رێگای گوشار خستنە سەر عیراق و تورکیا[٤]. مام جەلال لە یاداشتەکانیدا باسی ئەوە دەکات کاتێک کە شۆڕشی کورد توشی شکست بوو "سۆڤیەتیەکان زۆر تەنگاوبوون، پێش هەرەس هاتنەلام، وتیان با بارزانی بەرگری بکات، ئێمە ئامادەین پشتیوانی بکەین"[٥].

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە مۆسکۆ هەرگیز پێی خۆشنەبووە کورد زۆر لە ئەمریکیەکانەوە نزیکببنەوە. بۆ نموونە ئەو کاتەی کورد پەیوەندی باشی هەبوو لەگەڵ ئەمریکیەکان ، سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٧٣ پاڵپشتی رژێمی ئەوسای عیراقی کرد لە دژی کورد[٦]؛ کە ئەمەش لە بنەڕەتدا بە هۆکاری نزیکبوونەوەی کورد بوو لە ئەمریکا. مۆسکۆ لەگەڵ کوردانی باکوریش (کورد لە تورکیا) هەرگیز پەیوەندی نەبڕیووە، بۆیە لە چەندین وێستگەی مێژووییدا روسیا یارمەتی پارتی کرێکارانی

---

[١] یفجینی بریماکوف، ٢٠١٦، الكواليس السرية للشرق الاوسط ( النصف الثانى من القرن العشرين و بداية القرن العادى و العشرين)، ترجمة نبيل رشوان، الطبعة الاولى، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

[٢] عماد يوسف قدورة. ٢٠١٦. التأثير الإقليمي والدولي في القضية الكردية في العراق (دراسة حالة ١٩٧٢-١٩٧٥). بەردەستە لە ئەنتەرنێت: https://www.dohainstitute.org/ar/ResearchAndStudies/Pages/art764.aspx<<>>. [رۆژی سەردانیکردن ٢٠٢٠/٧/٥].

[3] Ibid. P.8

[4] Bielicki, P. (2017). Op. cit. p.35.

[٥] مام جەلال، دیداری تەمەن، ل ٤١٤.

[6] Ibid. P.35

کوردستانیشی داوە. ئەمە جگە لەوەی کە تا ئێستا روسیا بە فەرمی پەکەکەی وەک رێکخراوێکی تیرۆرستی نەناساندووە[١]. بەڵام سەرەرای بوونی ئەو پەیوندییانەی نێوان کوردو روسیا (یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو) لە راستیدا روسیا هەرگیز تا سەر بەردەوام نەبووە لەگەڵ کێشەی کورد بەڵکو هەمیشە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکاری هێناوە.

## باسی دووەم/ سیاسەتی دەرەوەی روسیاو بەرامبەر هەرێمی کوردستان (١٩٩١- ٢٠٠٣)

لە دوای ١٩٩١ روسیا بە شێوەیەکی گشتی رۆلێکی لاوازی هەبوو لە پرسە نێودەوڵەتیەکاندا، چونکە زیاتر سەرقاڵی بونیاتنانەوەی ناوماڵی خۆی بوو، بە هۆی روخانی یەکێتی سۆڤیەت و بالادەستبوونی ئەمریکاو رۆژئاوا لە جیهاندا. هەر لەبەر ئەوەش روسیا هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بەرچاوی نەبوو لەگەڵ ئەو ئیدارە کارگێریەی کە لە ساڵی ١٩٩١ لە باکوری عیراقدا دروست بوو. هەرچەندە سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت میخایل گۆرباتشۆف بە ناچاری رازیبوو بوو کە پشتگیری گەردەلولی بیابان بکات لە دژی داگیرکاری رژێمی سەدام و دەرکردنی لە کوەیت[٢]، بەڵام روسیا لەگەڵ ئەوەشدا پشتگیری دانانی ناوچەی دژە فرێنی بۆ کورد نەکرد لە باکوری عیراق[٣]. ئەمەش پێدەچێت هۆکارەکەی ئەوە بێت کە دانانی ناوچەی دژە فڕێن لە راستیدا پلان و بیرۆکەیەکی زیاتر رۆژئاوایی بوو، مەبەستیش لێی گوشار خستنە سەر رژێمی بەعس بوو، کە کۆنەدۆستی روسیا بوو.

دەتوانین بڵێین کە ئەم قۆناغە، واتا راستەوخۆ دوای نەمانی یەکێتی سۆڤیەت، زیاتر وەک پشتکردنی روسیا لە کێشەی کورد سەیر بکەین، بە تایبەت کوردانی باشور (باکوری عیراق). بەڵام سیاسەتی روسیا لە تورکیا بە جۆرێکی تر بوو. بۆریس یەڵسن هەوڵیدا کە کورد بەکاربهێنێت بۆ گوشار خستنە سەر تورکیا، ئەمەش وەک هەڵوێستێک لە بەرامبەر پاڵپشتیکردنی ئەنکەرا بۆ بەرهەڵستکارانی چیچان (١٩٩٤-١٩٩٦) لە دژی روسیا . لە راستیدا پەیوەندنی روسیا و تورکیا زیاتر گرژی تێکەوت کاتێک روسیا رێکخراوی کۆنگرەی نێودەوڵەتی کوردانی روسیای راگەیاند لە کانونی دووەمی ١٩٩٥ بە تایبەت کاتێک دوو چالاکوانی سیاسی کوردانی تورکیا لە دەرەوەی وڵات، هەر یەکە لە عەلی یەگیت و نەجدەت بوڵدان سەردانی مۆسکۆیان کرد بۆ دروستکردنی پەرلەمانی کوردستان لە هاندەران[٤]. بەڵام دواتر دۆخی خراپی ئابوری و لاوازی سیاسی وای لە روسیا کرد بگاتە

---

[1] Delanoë, I. (2015). Op. cit. P.17.

[2] Golan, G. (1992). Gorbachev's difficult time in the Gulf. Political science quarterly, 107(2), 213-230. P.214.

[3] Nizameddin, T. (1999). Russia and the Middle East: towards a new foreign policy. C. Hurst & Co. Publishers. P. 111.

[4] Ibrahim, F. (2000). The Kurdish conflict in Turkey: obstacles and chances for peace and democracy (Vol. 4). LIT Verlag Münster.p. 84-85; Ali Shah, S. (2003). IRAQ CRISIS: RUSSIA'S MIDDLE EAST POLICY. Strategic Studies, Summer 2003, Vol. 23, No. 2. Online <<http://www.jstor.com/stable/45242470 >>. [Accessed 2/5/2020]. P.128.

رێکەوتنێک لەگەڵ تورکیا، کە بە پڕۆتۆکۆلێ "بەرگرتن لە تیرۆریزم" "prevention of terrorism" ناسراوە.[1] بە پێی ئەو پڕۆتۆکۆلە روسیا رازی بوو کە رێگا لە چالاکیەکانی پەکەکە بگرێت لە روسیا، تورکیاش رازی بوو کە واز لە پاڵپشتی جەنگاوەرە سەربەخۆخوازەکانی چیچان بهێنێت.

بوونی یەڤگینی پریماکۆڤ وەک وەزیری دەرەوە لە حکومەتی بۆریس یەڵتسن لە ١٩٩٦ - ١٩٩٨، وای کرد کە روسیا پالپشتی عیراق بکات بە تایبەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش. پریماکۆڤ کە بە دۆستە کۆنەکەی سەدام ناسرابوو، هەوڵی زۆری دا کە سزا ئابوریە سەپێنراوەکان لەسەر رژێمی عێراق هەڵبگرێت[2]. ئەم پاڵپشتیکردنەی روسیایش چەند هۆکارێکی لە پشت بوو[3]. یەکەم، بۆ ئەوەی دەستەی سەرۆکایەتی بە تایبەت یەڵتسن بۆ دوما (Duma) و گەلی روسای بسەلمێنێت کە روسیای دوای یەکێتی سۆڤیەت ئێستاش دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر پرسە سیاسیەکانی جیهاندا. دوومیش، عێراق نزیکەی ٧ بلیۆن دۆلار قەرزداری روسیا بوو، عێراق نەیدەتوانی لەژێر ئابلۆقەی ئابوریدا قەرزەکانی روسیا بداتەوە. سێیەمیش، سەدام بەڵینی بە روسیادا بوو کە گرێبەستی گەورە لە گەڵ کۆمپانیاکانی روسیادا بکات لە بواری پەرەپێدانی گازو نەوت لە عێراقدا. بەڵام لەگەل ئەوەشدا یەڤگینی پریماکۆڤ بەردەوام لینکێکی هەبوو لەگەل هەر یەکە لە مەسعود بارزانی و جەلال تالەبانی، ئەمەش بە هۆی ئەو پەیوەندییەی کە لە شەستەکانەوە لەگەل ئەو دوو سەرکردە سیاسیە هەیبوو. بۆیە لە ساڵی ١٩٩٨ پارتی دیموکراتی کوردستان داوای کردنەوەی نوێنەراياتیان پێشکەش بە پریماکۆڤ کرد لە روسیا، بەڵام وەک نوێنەرایەتی حزبێکی سیاسی نەک نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان[4].

دەتوانین بڵێین کە روسیا بە هۆی ئەو پەیوەندیە ئابوری و سیاسیانەی کە لەم قۆناغەدا لەگەڵ رژێمی بەعسدا هەیبوو، هیچ پەیوەندی و گرنگیەکی بە هەرێمی کوردستان نەدا. روسیا تەواو پرگماتستیانەو ریالستیانە سەیری هەرێمی کوردستانی دەکرد. لەسەر ئەم بنەمایە دەوڵەتی عیراق بۆ روسیا گرنگتر بوو لە پرسی کورد، بە تایبەت کە ناوچەی دژە فرێن لە بنەڕەتدا پرۆژەیێکی رۆژئاوایی بوو بە هاوکاری ئەمریکاو فەرەنساو تورکیا. ئەمە بێجگە لەوەی کە روسیا لەو باوەڕەدا نەبوو کە ناوچەی دژە فرێن تاسەر بمێنێتەوەو پاڵپشتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەدەستبهێنێت. بەڵکو روسیا هەرێمی کوردستانی تەنیا وەک گوشارێکی ئەمریکا دەبینی بۆ سەر رژێمی عیراق.

[1] Bielicki, Op cit. p. 36.

[2] See the report by David Hearst, "Russia Signs 'Giant' Oil Deal with Iraq," Manchester Guardian Weekly, 18 February 1996.

[3] Freedman, R. 2001. Russian Policy toward the Middle East: The Yeltsin Legacy and the Putin Challenge. Middle East Journal, Vol. 55, No. 1, pp. 58-90. <http://www.jstor.com/stable/4329582>. [Accessed 2/5/2020]. P.75.

[4] Delanoë, I. (2015) Op. cit., p.10.

## باسی سێیەم/ پەیوەندییەکانی روسیاو هەرێمی کوردستان لە دوای ۲۰۰۳

لە دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە لە ۲۰۰۳ پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی جیهان چوونە دۆخێکی ترەوە، ئەمە سەبارەت بە سروشتی پەیوەندییەکانی روسیاو هەرێمی کوردستانیش راست بوو. ئەگەرچی روسیا پاڵپشتی روخانی رژێمی بەعسی نەکرد لە ساڵی ۲۰۰۳ لە لایەن ئەمریکاوە [1]، بەڵام لەگەڵ ئەوەش روسیا یەکێک بوو لەو وڵاتانەی کە هەر زوو لە دوای ۲۰۰۳ قونسوڵگەری خۆی لە هەولێر کردەوە. کە چی لە ساڵی ۲۰۰۰ مۆسکۆ خۆی بە دوور دەگرت لە هەر پەیوەندییەکی فەرمی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بە تایبەتیش بە هۆکاری رەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی تورکیا، نەوەک بە پاڵپشتی جودابوونەوەی کورد لە عێراق تاوانبار بکرێت. بەڵام لە ۲۰۰۸ سێرجی لاڤرۆڤ ( Sergey Lavrov ) وەزیری دەرەوەی روسیا هەروەها سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشاسازی روسیا لە سەردانیاندا بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان بە پەرۆشەوە تێبینی کەمی وەبەرهێنان و قەبارەی بازرگانی روسیایان کرد لە هەرێمی کوردستان، هەروەها هەرێمیان بە ئابورییەکی گەشەکردوو سەقامگیر ناوبرد [2].

بۆ تێگەیشتنی باشتر لە سیاسەتی روسیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە دوایی ۲۰۰۳ لەوانەیە پێویست بکات کە سەرەتا وێنە گەورەکەی سیاسەتی روسیا بۆ رۆژهەڵاتی ناوین بزانین، بە تایبەتیش روانینی فلادیمیر پۆتین بۆ ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان. بە کورتی دەتوانین بڵێین کە روانگەی روسیای سەردەمی پوتین بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوین دەکرێت لە چەند تەوەرێکدا کورتبکرێتەوە[3]:

- دەورەدان و بێهێزکردنی رێکخراوە توندڕەوە ئیسلامیەکان، بە تایبەت لەبەر مەترسی گەڕانەوەی ئەندامانی ئەو رێکخراوانە بۆ روسیاو وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، وەک چیچان و بۆسنیاو کازاخستان و..تاد.
- پاڵپشتیکردنی ئەو رژێمانەی کە دۆستی روسیان هەروەها ئەو رژێمانەش کە نەیاری ئەمریکاو ئەوروپان.
- دامەزراندنی چەند بنکەیێکی سەربازی روسیا لە ناوچەکەدا، ئەگەر تەنیا بۆ پیشاندانی هێزیش بێت.
- فروانکردنی بازارەکانی روسیا لە ناوچەکەدا لە بوارەکانی: چەکی کلاسیکی، ئەتۆم، نەوت و گاز، خۆراک و بوارەکانی تر. بەتایبەت کە رۆژهەڵاتی ناوین ساڵانە کریاری ٦٠٪ ی چەکی جیهانن

[1] Anlar, A. (2006). Russian foreign policy towards Iraq in the Post-Cold War Era (Master thesis). P.9

[2] Ibid, p. 10

[3] Trenin, D. (2016). Russia in the Middle East: Moscow’s objectives, priorities, and policy drivers. Task Force on US Policy Toward Russia, Ukraine, and Eurasia. New York: Carnegie Endowment for International Peace.

کە دەکاتە ١٠ بلیۆن دۆلار[1].

- راکێشانی سەرنجی وەبەرهێنەرانی ناوچەکە بە تایبەتیش وڵاتانی کەنداو بۆ وەبەرهێنان لە روسیا.
- پاڵپشتیکردنی نرخی وزە لە رێگای هەمانگیکردنی لەگەل بەرهەمهێنەرانی ئۆیێک لە ناوچەکادا.
- بەشداربوون لە دروستکردن و دیزاینکردنی هەر چوارچێوەیەکی ئاسایشی هەرێمی Regional security system لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بە تایبەتیش لە کەنداوی فارسی/ عەرەبی دا.

لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین کە ڕوسیا لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٥ بە شێوەیەکی بەرچاو دەستپێوەردانەکانی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاد کرد؛ بە جۆرێك لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٧ سەرۆك پووتین (Vladimir Putin) سەردانی هەر یەکە لە ئیسرائیل و سعودیا و ئوردن و میسر و ئیمارات و قەتەر و تورکیای کرد. لە هەمان کاتدا ڕوسیا وەك چاودێریش لە رێکخراوی هاوکاریی ئیسلامی (Organization of Islamic Cooperation)دا بەشدار بوو. ئەم سەردانانەی ڕوسیا قۆناغێکی جیاوازی لە سیاسەتی ڕوسیا پیشان دا، بەتایبەت بە بەروارد بە سەردەمی سەرۆکی پێشووی ڕوسیا، بۆریس یەڵسن[2] . سەردانی ڕوسیا بۆ هەر یەکە لە ئیسرائیل و ئیمارات سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو بۆ ڕوسیا. ئەم جۆرە سەردانانە هاوکات بوون لەگەڵ دەستێوەردانی زۆری ڕوسیا لە دانوستاندنە هەرێمییەکانی ناوچەکە، بەتایبەت لە دانوستاندنەکانی پرۆسەی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك: دانوستاندنەکانی "کۆمەڵەی ٥ دەوڵەت+ ١" لەگەڵ ئێران؛ ئەمە جگە لە چەند بوارێکی تری تایبەت بە کار و بازرگانی. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم تێوەگلانانەی ڕوسیا بەشی هەرە زۆریان هیچ دەرەنجامێکی ئەوتۆیان لێ نەکەوتەوە. بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی کە دامەزراوەی ڕاند لە ٢٠٠٩ کردوویەتی، ڕوسیا نەیتوانیوە هیچ کام لەو ئامانجانەی بە شێوەیەکی ڕوون بپێکێت[3].

ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە بەهاری عەرەبیدا لە ٢٠١١ ڕووی دا، وای لە مۆسکۆ کرد کە ترسی ئەوەی هەبێت ئەم دۆخە گۆڕانکارییێکی زۆری لە ناوچەکە لێ بکەوێتەوە و کاریگەریی خراپی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا هەبێت. بەڵام هەڵوێستەکانی ڕوسیا پێشوەختە نەبوون، بەڵکوو لەگەڵ گۆڕانی ڕووداوەکان هەڵوێستی ڕوسیایش دەگۆڕا. ڕوسیا بەجیا سەیری هەر وڵاتێکی کاریگەر بە "بەهاری عەرەبی"ی دەکرد، بەتایبەتیش لە ڕوانگەی کاریگەری لەسەر بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا. ڕوسیا وەك ڕووداوێکی پێکەوەبەستراو و پێوەندار بەیەکەوە لە گشت ناوچەکەدا، سەیری بەهاری عەرەبیی نەکرد.

---

[1] Ali Shah, S. (2013) Op. cit. P.131.

[2] Taylor, A. (2019). U.S. allies in the Mideast consider their options as Russia's Putin visits the Gulf. The Washington Post.Online <<https://www.washingtonpost.com/world/2019/10/14/us-allies-mideast-welcome-state-visit-russias-putin-amid-syria-turmoil/>>. [Accessed 2/7/2020].

[3] Sladden, J., Wasser, B., Connable, B., & Grand-Clement, S. (2017). Russian strategy in the Middle East. Online <<https://www.rand.org/pubs/perspectives/PE236.html?adbsc=social_20170810_1717621&adbid=895444590248861697&adbpl=tw&adbpr=22545453>>. [Accessed 20/6/2020].

ئەمەیش لە سیاسەتەکانی پووتین (کە ئەوکات سەرۆکوەزیران بوو) لە دەنگنەدان (امتناع عن التصويت) لە ئەنجومەنی ئاسایش، واتا دەنگنەدان بە بڕیاری ١٩٧٣ کە ڕێگەی دا بە هێرشی ئاسمانی بۆ ڕووخانی ڕژێمی موعەمەر قەزافی، ڕەنگی دایەوە. بەڵام ئەوەی تایبەت بێت بە سوریا، ڕوسیا بە پێویستی زانی هێڵێکی تایبەتی هەبێت بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانی بە شێوەیەکی ڕوون و بۆ ماوەیەکی درێژ، بەپێچەوانەی کەیسەکانی پێشتر کە زۆربەیان سیاسەتی کورتخایەن بوون. کەواتە دەتوانین بڵێین جۆرێك لە وەرچەرخان لە ستراتیژییەتی ڕوسیا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەویش لە کەیسی سووریاوە، ڕووی داوە[1]. بۆیە هاتنی ڕوسیا بۆ سوریا بەو قەبارەو کاریگەریەوە وەک دیمتری ترنن دەڵێت "ڕوسیای لە بۆشاییدوای یەکێتی سۆڤیەت دەرباز کرد و وای کرد ڕوسیا هێزێکی دیاربێت لە جیهاندا"[2].

ڕوسیا زیاتر لەو ڕوانگەیەوە سەیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات کە خۆی بە هێزێکی جیهانیی دەزانێت و دەبێت مۆسکۆ ڕۆڵی لە ناوچەکەدا هەبێت و، لە هەمان کاتدا کورسییەکی تایبەتیشی لەسەر مێزی دانوستاندنەکانی ناوچەکەدا هەبێت.یاخود وەک دیمتری دەڵێت لە ڕوانگەی پوتین هەردوو پرسی سیاسەت و ئابوری لەیەکتر جیانابنەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا[3]. لە ڕاستیدا ڕوسیا زیاتر بە دیدێکی سێکیولارییانە سەیری سیاسەتەکانی بەرامبەر ڕوژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات؛ واتە سیاسەتگەلێك کە ئایدیۆلۆژی نین. ڕوسیا پێی وایە دەتوانێت لەگەڵ هەموو لایەنەکان گفتۆگۆ بکات، وەك ئیرینا زفیاگلسکایا-Irina Zvyagelskaya دەڵێت: "ئەمە وای کردووە ڕوسیا پارێزگاری لە پەیوەندییەکی هاوسەنگ بکات لەگەڵ بەشێکی زۆری ئەکتەری دەوڵەتی و نادەوڵەتی کە مۆسکو پێشووتر کێشەی قووڵی لەگەڵ هەبوون." لەم ڕوانگەیەوە ڕوسیا پێی وایە ئەوان سەرکەوتووترن لە ڕۆژئاواییەکان، چونکە بەقسەی خۆیان ڕۆژئاواییەکان لە نێوان وڵاتانی ناوچەکەدا بێلایەن نین؛ بۆیە سیاسەتەکانی مۆسکۆ بە گونجاوتر دەبینن بۆ ناوچەکە [4].

کەواتە دەتوانن بڵێین کە ڕوسیا زیاتر بە دوای ئامانجی بەرهەمداردا (پراگماتیزم) دەگەڕێت، لەگەڵ پابەندبوون بە هەندێك بەهای سیاسی کە ڕۆژئاواش پابەندە پێی. ئەمەیش جۆرێك لە نەرمی بە سیاسەتی ڕوسیا دەبەخشێت. واتە دەکرێت ڕوسیا ئامانجی درێژخایەنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەبێت، بەڵام بەرژەوەندیی درێژخایەنی هەیە، وەك: سەقامگیریی هەرێمی و گرنگیدان بە نرخی جیهانیی نەوت. بەڵام ئەو بەرژەوەندییانە لەگەڵ زۆربەی بڕاردە کورتخایەنەکاندا کێشە دروست ناکەن، چونکە ڕوسیا بەو شێوە قووڵەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆنەچۆتە ناو کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە[5]. بەم شێوەیە پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستانیش لە دوای ٢٠٠٣ هەر

---

[1] Sladden, J., Wasser, B., Connable, B., & Grand-Clement, S. (2017) Op. cit.

[2] LUHN, A. 20202. Putin's game in the Middle East. Online: <<https://www.politico.eu/article/game-in-the-middle-east-vladimir-putin/>> [Accessed 2/7/2020]

[3] Ibid.

[4] Trenin, D. (2016). Op cit.

[5] Wasser, B. (2019). The Limits of Russian Strategy in the Middle East. RAND. Online:

لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتە پراگماتیست و ریالیستیە بووە.

تاکە مەترسییەکی ئەمنیی درێژخایەن کە ڕوسیا لە ناوچەکەدا هەیبێت، ئەوەیە کە پەیوەندیی هەیە بە تەشەنەکردنی تیرۆر لە روسیا و وڵاتانی ناوچەکەدا. نزیکەی ٣٢٠٠ کەس کە خەڵکی ڕوسیا و وڵاتانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوون، پەیوەندییان بە داعش و ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان لە سووریا و عێراقدا کردووە لە ٢٠١٤. بۆیە سەرکردەکانی مۆسکۆ، نیگەرانن لە گەڕانەوەی ئەو چەکدارە بیانییانە. ئەمە وەچەرخانێکی نوێیە لە ستراتیژییەتی ڕوسیا، چونکە بەپێی چەند ڕاپۆرتێکی دامەزراوەی ڕاند (RAND)ی ئەمریکی لە ٢٠٠٣، مەترسیی تیرۆری ئیسلامی، ئەو گرنگییەی لای ڕووسەکان نەبووە[١].

ئەم سیاسەتە ریالیستیە وایکردووە کە روسیا لە رۆژهەڵاتی ناوین تاڕاستێک کەمتر پەیوەندی لەگەڵ ئەکتەرە نادەوڵەتیەکان ببەستێت و پەیوەندییەکانی زۆرتر لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بێت، بەڵام دوای ٢٠٠٣ دۆخی هەرێمی کوردستان کەیسێکی ئاوارتەیە، بە تایبەت بەهێزی ئەو پێگە سیاسی و دەستورییەی کە هەرێمی کوردستان لە عێراقدا هەیەتی دۆخێکی تایبەتی بەخشیووە بەهەرێم. هەڵبەتە بە پێچەوانەی سیاسەتی روسیا بەرامبەر وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کە لەوێ روسیا بەردەوام کاراکتەرە نادەوڵەتیەکان بەکاردێنێت بۆ دەستوەردان لەو وڵاتانە[٢]. بوونی ئەم فاکتەرە، واتا پاڵپشتیکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و حکوومەتەکان دژ بە هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی وای کردووە کە پەیوەندی هەرێم و روسیا بە سنوورداری بمێنێتەوە، بە تایبەت تاوەکو ساڵی ٢٠١٧. هەر لەم سۆنگەیەوە ڕوسیا، ڕۆژئاوا بە هۆکاری ئەو جەنگ و نەهامەتییانەی عێراق و لیبیاو سوریاش دادەنێت؛ بۆیە ڕوسیا پشتگیری لە سەروەری وڵاتان لەژێر سایەی یاسای نێودەوڵەتی دەکات. دەکرێت ئەم هەڵوێستەی ڕوسیا پەیوەست بێت بەو مەترسییەی کە ڕوسیا لە شۆڕشە ڕەنگاوڕەنگەکانی وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو هەیەتی؛ واتا هاوسەنگی لە نێوان پاراستنی دۆخی هەبوو (ئەمری واقع) و مەترسیە تیرۆریستییەکان. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە جۆرێکە لە ناکۆکیی سیاسەتی ڕوسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ڕوسیا وا خۆی نیشان دەدات کە پارێزگاری لە کیانی دەوڵەت دەکات و دەست لە کاروباری وڵاتان وەرنادات، بەڵام لە دەرەوەی ڕوژهەڵاتی ناوەڕاست پێچەوانەی ئەمە ڕەفتار دەکات، بۆ نموونە لە ئوکرانیاو ئۆسێتیای باشورو ئەبخازیا. لە لایەکی تر ڕوسیا لەگەڵ ئێران، کە بە درێژایی ناوچەکە دەست لە کاروباری وڵاتان وەردەدات، کار دەکات. لە

<<https://www.rand.org/content/dam/rand/pubs/perspectives/PE300/PE340/RAND_PE340.pdf>> Accessed [5/7/2020].

[1] Olga Oliker, Keith Crane, Lowell H. Schwartz, and Catherine Yusupov, Russian Foreign Policy: Sources and Implications, Santa Monica, Calif.: RAND Corporation.

[2] Chatham House, 2014. Russian Influence Abroad: Non-state Actors and Propaganda. <<https://www.chathamhouse.org/sites/default/files/field/field_document/20141024RussianInfluenceAbroad.pdf>>. [Accessed 2/7/2020].

لیبیایش بە هەمان شێوە، ڕوسیا یارمەتیی بەشێك لە گرووپە ئۆپۆزیسیونەكان دەدات[1]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین ئەم ڕەفتارەی روسیا بە پرەنسیپێکی بەردەوام لە سیاسەتی روسیا هەژمار بکەین.

## باسی چوارەم/ فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر پەیوەندی روسیاو هەرێمی کوردستان

ئەگەر بە وردی سەیری مێژویی پەیوەندییەکانی کوردو روسیا بکەین دەبینین کە هەمیشە دوو فاکتەر بزوێنەری سەرەکی نزیکبوونەوە یان دوورکەوتنەوەی مۆسکۆ بوونە لە کورد، ئەویش رۆلی فەکتەری هەرێمی بووە، بە تایبەتیش تورکیا، وەک فاکتەرێکی کەریگەر لەسەر سیاسەتی روسیا بەرامبەر بە کورد. بە جۆرێک دەتوانین بڵێین هەر کاتێک پەیوەندی روسیا لەگەڵ تورکیا تێک چوبێت روسیا هەوڵیداوە لە کورد نزیکبێتەوە بە مەبەستی گوشارخستنە سەر تورکیا. هەندیک جار دەکرێت ئەمریکاش رۆڵی هەبێت لە هاوکێشەکەدا، واتا ئەگەر ئەمریکا پشتگیری رژێمی عیراقی کردبێت ئەوا روسیا پەنای بردۆتە بەر کارتی کورد، ئینجا چ وەک گوشارێک لەسەر عێراق، یانیش لەسەر ئەمریکا. لە دوای ٢٠٠٣ فاکتەرێکی تریش هاتۆتە سەر ئەویش فاکتەری ووزەیە کە دیسان کاریگەرییێکی تا رادەیەک رێژەیی هەیە بەسەر پەیوەندیەکانی روسیاو هەرێمی کوردستان، بە تایبەت لە دوای شکستهێنانی پرۆسەی ریفراندۆم لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٧. بۆیە بە پێویستم زانی لەم بەشەدا کە کاریگەری ئەو دوو فەکتەرە بخەمە بەر باس و لێکۆلینەوە.

### یەکەم/ کاریگەری فاکتەری هەرێمی

کاتێک کە باس لە سیاسەتی روسیا دەکەین لە رۆژهەلاتی ناوین وەک کاتز دەڵیت ئەوا دەبێت باسی ئەکتەرێک بکەین کە هونەری ئەوەی هەیە کە لە یەکاتدا هاورێییەتی لەگەڵ هەمووواندا بکات "the art of making friends with everybody"[2]. روسیا سەرەڕای ئەو ململانێ ناوەخۆیانەی کە لە نێوان ولاتاندا هەیە لە رۆژهالاتی ناوین بەلاَم هەمیشە ویستویەتی دۆستی هەمووان بێت، یان بواری ئەوەی هەبێت کە هەر کاتێک ویستی دۆستایەتی دروست بکات. بۆ نموونە روسیا پەیوەندی لەگەل تورکیا هەیەو لەگەل کوردیش؛ لەگەل ئێران هەیەو لەگەل سعودیاش؛ لەگەل تاران هەیەتی و لەگەل تەلئەبیبیش. لە راستیدا ئەمە شتێکی ئاسان نیە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا، بە تایبەتیش لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست.

ئەگەر سەیری وێستگەی پەیوەندییەکانی روسیاو تورکیا بکەین ئەوا دەبینین کە لە چەندین وێستگەی جیاوازدا پرسی کورد ئامادەیی هەبووە. بەڵام لە ساڵی ١٩٩٤ بە دواوە پرسی کورد رۆڵێکی

[1] Comments by Russian workshop participants, RAND CMEPP Workshop, London, September 2016, and Washington, D.C., October 2016.

[2] Katz, M. N. (2010). Russia's Greater Middle East Policy: Security Economic Interests, Courting Islam. Online: <<https://www.ifri.org/sites/default/files/atoms/files/ifrirussiamiddleeastkatzengapril2010.pdf>>. Accessed [5/7/2020].

گرنگی دەبینی لە سیاسەتی روسیا دژی تورکیا لە بەرامبەر ئەو پاڵپشتییەی کە تورکیا هەیبوو بۆ چیچانیەکان[1]. بەڵام لەگەڵ ئەوەش روسیا ساڵی ١٩٩٨ ئامادە نەبوو سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان بگرێتە خۆ، واتا ئەو کاتەی کە سوریا بە گوشاری تورکیا داوای لە ئۆجەلان کرد کە سوریا جێبهێڵێت. چونکە روسیا چاورێی هەماهەنگی گەورەی تورکیا بوو لە بواری هەناردەکردنی گازی روسیا بۆ ئەوروپا، بۆیە بەرژەوەندیە ئابورییەکانی خۆی لەگەڵ ئەنکەرا نەگۆڕییەوە بە پشتیوانی کردن لە کورد. بەڵام دواجار سەرەرای ئەو بێمتمانەییەی لە نێوان ئەردۆگان و پوتیندا هەبوو، لە ساڵی ٢٠٠٥ هەردولا گەیشتنە رێککەوتن لەسەر بەکارهێنانی پرسی چیچان لە لایەن تورکیاو پرسی کورد و لەلاین روسیا[2].  بەڵام لە راستیدا بەکارهێنانی پرسی کورد بە تایبەت لەلایەن روسیا لەو وێستگەیە نەوەستا بەڵکو روسیا هەرکاتێک پێویستی بوبێت دەستدیبردووە بۆ بەکارهێنانی ئەو کارتە، بەلام هەمیشە بوارێک بۆ گفتووگۆ لەگەڵ تورکیادا دەهێڵێتەوەو نایگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە روسیا بە پاڵپشتیکاری پرسی کورد حساب بکرێت، بۆیە بەکارهێنانی پرسی کورد لە لایەن روسیا تەنیا لە چوارچێوەی تاکتیکێکی کاتی دایە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی دیاریکراو.

بە درێژایی مێژوویی نوێ، پەیوەندییەکانی روسیا لەرۆژهەڵاتی ناوەراست هەمیشە پەیوەندار یان لە رێگای تورکیاو ئێرانەوە بووە. پەیوەندیی روسیا لەگەڵ تورکیا بەرەو ئاساییبوونەوە دەچوون، تا ئەو کاتەی تورکیا فرۆکەیەکی روسیای خستە خوارەوە  لە ساڵی ٢٠١٥ کە بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی هەردوو لا . ئیتر لەو ماوەیەدا چەندین جار روسیا هەوڵیدا پەیوەندی لە نێوان کوردانی سوریاو رژێمی بەشار ئەسەد دروستبکات، بەبێ رەچاوکردنی توڕەبوونی تورکەکان[3]. بەڵام وەک زۆربەی وێستگەکانی تری پەیوەندی کوردو روسیا، دواجار مۆسکۆ کوردانی رۆژئاواشی جێهێشت لە پێناو رێکەوتن لەگەڵ تورکیا، ئەمە بە ئاشکرا رویدا لە ساڵی ٢٠١٨ کاتێک روسیا رێگای بە تورکیادا عەفرین داگیر بکات، لە ساڵی ٢٠١٩ بە هەمان شێوە ریکەوتنی لە نێوان هێزەکانی روسیا و تورکیا کرا بۆ کارگێری هاوبەشی هێزەکانی هەردولا بە قوڵای ٣٢ کیلۆمەتر لە رۆژئاوای کوردستان[4].

لە کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆمی ٢٠١٧ لەهەرێمی کوردستان سەرەرای دژایەتی تورکیاو عێراق و ئێران و، تا ئاستێک ئەمریکاش بەلام روسیا بە پێچەوانەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دژایەتی ریفراندۆمی نەکرد. بۆیە دوو مانگ پیش ئەنجامدانی ریفراندۆ سێرجی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی روسیا لە

[1] Olson, R. (1996). The Kurdish question and Chechnya: Turkish and Russian foreign policies since the Gulf War. Middle East Policy, 4(3), 106-119. <<https://onlinelibrary.wiley.com/doi/epdf/10.1111/j.1475-4967.1996.tb00227.x>>. [Accessed 5/7/2020].
P.106

[2] 36. Bielicki (2017). Op. cit. p. 36.

[3] Winrow, G. (2017). Turkey and Russia: The importance of energy ties. Insight Turkey, 19(1), 17-32. Online <https://www.jstor.org/stable/10.2307/26300476>>. [Accessed 5/7/2020]. P.23.

[4] President of Russia, (22. Oct 2019) Memorandum of Understanding Between Turkey and the Russian Federation. <<http://en.kremlin.ru/supplement/5452>>. [Accessed 13/7/2020].

چاوپێکەوتنێکی تەلەڤیزۆنیدا ووتی "کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی تری جیهان مافی خۆیانە کە گوزارشت لە هیواو ئامانجەکانیان بکەن، ئەو ریفاندۆمەی بە نیازیشن لە مانگی سێپتەمبەر ئەنجامی بدەن ئامرازێکە بۆ گەیشتن بەو هیوایە". نەک هەر ئەوە بەڵکو ئامادەباشی روسیاشی دەربڕی بۆ ناوبژیکردنی لە نێوان بەغداو هەولێر. هەڵوێستی کۆنسوڵی روسیاش لە هەولێر هەمان هەلوێست بوو " ئێمە رێز لە بریارێک دەگرین کە هی خەڵکی کوردستان بێت". [1].

ئەم هەڵوێستەی روسیا بەرامبەر ریفراندۆم لە راستیدا پرەنسیپێکی جێگیر نەبوو لە سیاسەتی روسیا بەرامبەر هەرێمی کورداستان بەڵکو وابەستەی چەند هۆکارێک بوو:

- وەک پەرچەکردارێک بۆ تێکچوونی پەیوەندی روسیاو تورکیا بە هۆکاری خستنەخوارەوەی فرۆکەکەی روسیا لە سوریا لە ٢٤ نۆڤەمبەری ٢٠١٥.
- مۆسکۆ بە زۆری بە دوای پرکردنەوەی ئەو بۆشاییانەدا دەگەرێت کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەرامبەر دۆستەکانیان جێیدەهێڵن، هەرێمی کوردستانیش خۆی بە دۆستی ئەمریکا دەبینی.
- بوونی سەرچاوەی باشی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا بە قەبارەی (recoverable reserves) ٤٥ بلیۆن دۆلار و هەروەها گازی سروشتی کە بە ٦٦,٥ تریلیۆن مەتری چوارگۆشە دەخەملێنرێت[2]. ئەمەش بێگومان دەچێتە خزمەتی ئەو بازارەی کە روسیا کۆنترۆلی کردووە.
- بوونی کۆمپانیای رۆسنەفتی روسی کارکردنیان لە کێڵگە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان. نوێنەری کۆمپانیای رۆسنەفت میخائیل لیۆنتیڤ لە کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆمدا ووتی، "ئەنجامدانی ریفراندۆم لە هەرێمی کوردسان کاریگەی نابێت لەسەە کارەکانی ئێمە، ئێمە بزنس دەکەین لە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی لە عێراقدا کە بە یاسا دیاریکراوە، ئێرە سەر بە هەرێمی کوردستانی عێراقە"[3].
- مۆسکۆ بەوریایی مامەڵەی لەگەڵ ریفراندۆمی هەرێمی کوردساتان کرد. لەدژی ریفراندۆم نەبوون بەڵام لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ یەکپارچەی خاکی عێراقیشدا بوون. روسیا لە راستیدا یاری دەکرد لە نێوان عێراق و هەرێمی کوردستاندا، یاریەک کە لە زۆر رووەوە لەو یاریە دەچێت کە لەگەڵ فەلەستینی و ئیسرائیلیەکاندا دەیکات، واتا روسیا لەیەک کاتدا هەم لەگەڵ ئیسرائیل و هەم لەگەڵ فەلەستینیەکانیشدا پەیوەندی هاوسەنگی هەیانە.

لە راستیدا ئەم نیمچە هەڵوێستەی روسیا بە مانایی پشتگیریکردنی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان نایەت. چونکە مۆسکو بەرژەوەندی گەورەتری لەگەڵ تورکیاو ئێران هەیە لە ناوچەکادا.

[1] Rudaw, 24-7-2017. Sergey Lavrov to Rudaw: Referendum is expression of Kurdish people's aspirations. Online <<https://www.rudaw.net/english/interview/24072017.>>. [Accessed 5/7/2020].

[2] Zhdannikov, D. (2017). Russia Becomes Iraq Kurds' Top Funder, Quiet About Independence Vote. Reuters, September, 20. Online <<https://www.reuters.com/article/us-mideast-crisis-kurds-referendum-russi/russia-becomes-iraq-kurds-top-funder-quiet-about-independence-vote-idUSKCN1BV1IH>>. [Accessed 5/7/2020].

[3] Ibid.

دواتر وەک دیمتری دەڵێت پشتگیریکردنی نەتەوە جوداخوازەکان لە دەرەنجامدا لە بەرژەوەندی روسیادا نیە. چونکە ئەم هەڵوێستە راستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر هاندانی کەمینەکانی تریش لە وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشو بە تایبەت لەگەل موسڵمانانی چیچان کە مۆسکۆ دەمێکە کێشەی لەگەڵیاندا هەیە. بەڵام ئەو هەڵوێستە سەرپێیە دەکرێت پەیامێک بێت بۆ ئێران و تورکیا هەروەها عیراقیش کە ئەگەر روسیا بیەوێت دەتوانێت سەر کێشەیان بۆ دروست بکات. لە لایەکی ترەوە دەکرێت ئەم هەڵوێستەی روسیا بۆ کێشە دروستکردنیش بێت بۆ ئەمریکا و عیراق کە پەیوەندی باشیان لە نێواندا هەیە. بەڵام هەرچۆنێک بێت دەکرێت بڵێین کە ئەم هەڵوێستەی روسیاش بەرامبەر ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان تا ئاستێک باش بەشێکە لە لێکەوتەی پەیوەندیەکانی روسیا لەگەڵ تورکیا، کە ئەمەش گرنگی و کاریگەری فاکتەری تورکیامان بۆ دەردەخات لە سیاسەتی روسیا هەمبەر هەرێمی کوردستان.

**دووەم/ کاریگەری فاکتەری ووزە**

فاکتەری وزە لە راستیدا فاکتەرێکی تازەیەو زیاتر دەگەرێتەوە بۆ دوای ٢٠٠٣ یاخود ئەو کاتەی کە هەرێمی کوردستان دەستی بە فرۆشتن و دەرهێنانی نەوت کرد لە دوایی ٢٠٠٧. داوتر فاکتەری وزە لە راستیدا بووە فاکتەرێکی گرنگ لە نەخشاندنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ گشت وڵاتانی جیهان. کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان ئەگەرچی لە دوای ٢٠٠٧ بەشێکی زۆری کۆمپانیا گەورەکانی جیهان وەبەرهێنانیان تێدا کرد، بەڵام لە راستیدا ئەم کەرتە لەبەر جیۆپۆلۆتیکی فرۆشتنی وزە زیاتر لە لایەن تورکیاوە کۆنترۆل کراوە. چونکە لە رێگای بۆری نەوتی تورکیا بۆ بەندەری جیهان دەگواسترایەوە. هەرچەندە روسیا لە ساڵی ٢٠٠٧ قونسوڵخانەی خۆی لە هەولێر کردەوە بەڵام پەیوەندی روسیاو هەرێمی کوردستان لە بواری وزە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٢ ، واتا دوای ئەوەی کە کۆمپانیای گازپرۆمی روسی رێککەوتنێکی لەگەڵ هەرێمی کوردستان واژوو کرد لە بواری گەران بەدوای نەوت[١]. گازپرۆم لە هاوینی ٢٠١٢ لە دوو بلۆکی نەوت لە کێلگەکانی شاکەل و گەرمیان دەستی بەکار کرد. بەڵام لەگەل ئەوەشدا کاتێک لە ساڵی لە ٢٠١٥ میخایل بۆگدانۆڤ سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد تاوتۆێی بونیاتنانی پەیوەندی زیاتریان کرد لە بواری وزە، گازپرۆم دواتر لە ساڵی ٢٠١٥ لە کێلگەی هەڵەبجەش دەستی بەکار کرد .

لە مانگی مایس لە کاتی دیداری ئابوری نێودەوڵەتی ساینتپترۆسبۆرگ هەر یەکە لە نوێنەری هەرێمی کوردستان و روسیا لە رێگای کۆمپانی رۆسنەفت رێکەوتنێکیان واژوو کرد بۆ پەرەپێدانی گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان. رۆسنەفت رازیبوو کە بۆرییەکی گواستنەوەی گاز لە هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا دروست بکات کە توانای گواستنەوەی ٣٠ بیلیۆن کیوبیک مەتری هەیە لە

[1] Ramani, S. 2020. Russia's Outreach to Iraqi Kurdistan: A Gambit for Energy Investments and Regional Status. RUSI, Vol. 40, No. 1. Online <<https://rusi.org/publication/rusi-newsbrief/russia%E2%80%99s-outreach-iraqi-kurdistan-gambit-energy-investments-and-regional>>. [Accessed 12/6/2020]. P.1

ساڵێکدا، ئەمەش لە راستیدا هەنگاوێک بوو بەرەو درێژبوونی دەستی روسیا بۆ کەرتی ووزەی رۆژهەڵاتی ناوین[١].

ئەو هەنگاوەی روسیا لە راستیدا بازێکی گەورە بوو لە ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و روسیا، گرنگیەکەشی ئەوەبوو کە تەنیا یەک حەفتە پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم لە ١٨ سێپتەمبەری ٢٠١٧ دەستی پێکرد؛ واتا ئەو کاتەی کە کورد گوشاری هەموو دونیای لەسەر بوو، بەڵام بە پێچەوانەوە هەرێمی کوردستان ئەوەی راگەیاند کە هەڵساوە بە ئەنجامدانی رێککەوتنێک لە گەڵ کۆمپانیای رۆسنەفت بۆ وەبەرهێنان لە پرۆژەی بۆری گاز بە بڕی( ١ بلیۆن) دۆلار و بە قەبارەی ٣٠ بلیۆن مەتری چوارگۆشە لە ساڵێکدا، هەروەها بەستنەوەی گازی هەرێمی کوردستانیش بە گازی تورکیاو گواستنەوەشی بۆ بازەرەکانی ئەوروپا[٢]. تا ئەو ئاستەی لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ رۆسنەفت رایگەیاند کە ئەوان کاردەکان لەسەر پەرەپێدانی نەوت لە پێنج بلۆکی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان.

بۆ تێگەیشتن لەو هەنگاوەی روسیا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بیرۆکەی پرۆژەی بۆریە گازەکانی نابۆکۆ؛ واتا ئەو پرۆژەییەی کە بەنیاز بوو لە ٢٠١٢ بکەوێتە کارو ببێتە جێگرەوەیەک بۆ هەناردەی گازی سروشتی روسیا لە ئەورووپادا، چونکە زۆرینەی گازی سروشتی بۆ وڵاتانی ئەوروپا لە لایەن روسیا دابین دەکرێت. لە ساڵی ٢٠١٨، ٤٠٪ گازی سروشتی بۆ وڵاتانی ئەوروپا لە لایەن روسیاوە دابین کراو. ئەمەش وایکردووە کە روسیا هەندێک جار ئەم باڵادەستیە وەک گوشارێکی سیاسی بەرامبەر یەکێتی ئەوروپا بەکاربهێنێت[٣]. ئەم پرۆژەیە بە نایازبوو گازی سروشتی لە دەریای قەزوین ( Caspian Region) بەشێک لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوین (هەرێمی کوردستانیش دەکەوتە ناو ئەو پرۆژەیە) و میسر بگوازێتەوە بە خاکی وڵاتانی ئەورووپادا: بولغاریا، رۆمانیا، هەنگاریا، دواتریش بۆ تورکیاو لە وێشەوە بۆ نەمسا[٤]. یەکێتی ئەوڕوپا پاڵشتی ئەم پرۆژەیەی دەکرد، بەڵام دواتر ئەو پرۆژەیە شکستی

---

[1] Borshchevskaya, A., and Wahab, B. (2018). In Search of a New Patron, the KRG Turns Back to Moscow. The Washington Institute for Near East Policy. Online <<https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/in-search-of-a-new-patron-the-krg-turns-back-to-moscow>>. [Accessed 15/6/2020].

[2] See, Petkova, M. (2019). "What did Russia get from its KRG gamble? Al-Jazeera, April, 15; Vocal Europe (2017) Kurd Your Enthusiasm: What Are Rosneft And Russia Up To In Iraq? Online <<https://www.vocaleurope.eu/kurd-your-enthusiasm-what-are-rosneft-and-russia-up-to-in-iraq/>>. [Accessed 9/6/2020].

[3] Popovic, N. (2020). The Energy Relationship Between Russia and the European Union. Online <<https://www.e-ir.info/2020/02/24/the-energy-relationship-between-russia-and-the-european-union/#:~:text=In%202018%2C%20around%2040%25%20of,Europe%20(Gazprom%2C%202018).>>. [Accessed 1/7/2020].

[4] hydrocarbons-technology (2012) Nabucco Gas Pipeline, Europe. Online <https://www.hydrocarbons-technology.com/projects/nabuccopipeline/>. [Accessed 9/7/2020].

هێنا و تا ئێستاش روسیا بەردەوامە لە هەژموونی خۆی بەسەر بازاری گازی سروشتی ئەورووپادا. ئەمادەیی روسیا لە کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا یارمەتیدەر دەبێت بۆ روسیا کە لە ئاییندەدا ولاتانی تریش نەتوانن ئالێنگاری گازی روسیا بکەن، بە تایبەت لە مۆنۆپۆلکردنی سەرچاوەکانی گازی سروشتی هەروەها نرخی وزەش لە جیهاندا[1]. ئەم هەنگاوانەی روسیا بۆ کارکردن لە کێڵگەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستاندا لە راستیدا تەنیا پرۆژەیەکی ئابوری نیە بە ڵکو پرۆژەییەکی سیاسیشە. چونکە روسیا بە پێچەوانەی ئەمریکا خاوەن ئەو هێزی نەرمە نیە کە بتوانێت هاوشانی هێزی سەربازی ئامادەیی هەبێت لە دەرەوەی سنورەکانیدا. بۆیە یەکێک لە میکانیزمە هەرە کاریگەرەکانی سیاسەتی دەرەوەی روسیا هێزی وزەو بازاری وزەیە لە جیهاندا، کە تا ئێستا هاوشێوەی میکانیزمێکی سیاسی ئاکتیڤە لە سیاسەتی دەرەوەی روسیادا.

لە لایەکی تر نابێت بیرمان بچێت کە ئەو پەیوەندییەی بواری وزە لەگەل هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک حساباتی تریشی لە پشتە. بە تایبەت لە بواری دژایەتیکردنی رێکخراوە تیرۆرستیەکان، هەرێمی کوردستان رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە لەناوبردنی داعش. روسیاش لەو هاوکاری و هەماهەنگی سەربازی لەگەل هەرێم بێبەش نەبوو. لەچوارچێوەی ئەم هەماهەنگییەوە ساڵی ٢٠١٦ روسیا پێنج چەکی دژە فرۆکەی ZU-32-2 23mm بەخشیە هەرێمی کوردستان[2]. بۆیە لە بواری دژایەتیکردنی تیرۆریزم کە روسیا مەترسیێکی زۆری لەسەرە، هەرێمی کوردستانیش گرنگی خۆی دەبێت. هەڵبەتە ئەمە جگە لەوەی کە روسیا بوونی خۆی لە هەرێمی کوردستان و عێراق وەک پردێک دەبینێت بۆ ئامادەیی سیاسی و هەروەها ناوبەندیکردنیش لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا. هەڵبەتە ئەمە بێجگە لەوەی کە لە دوای ٢٠١٤ پێگەی کورد بەگشتی لە سوریا عێراقدا لە هەڵکشان دابوو، بەهۆی ئەو رۆڵەی کە کورد هەیبوو لە سوریاو عێراقدا، هەرێمی کوردستان وەک کیانێکی کوردی دەکرێت کاریگەری هەبێت بەسەر ولاتانی وەک سوریاو، تورکیاو عێراق و ئێران، ئەم کارتە بۆ روسیا گرنگە بۆ ئەوەی هەر کاتێک پێویستی کرد وەک گوشار دژی ئەو ولاتانە بەکاریبێنێت.

[1] Petkova, M. (2019). Op. cit.

[2] Ramani, S. 2020, Op cit. p. 3

## دەرەنجام

هەرچەندە روسیا مێژوویێکی کۆنی هەیە لە پەیوەندی لەگەڵ کورد، بەڵام ئەم پەیوەندییانەی لەگەڵ کورد هەرگیز تاسەر نەبووە، بەڵکو تایبەت بووە بە پرس و ئامانجێکی کاتی، بە جۆرێک هەر کات روسیا گەیشتبێتە ئامانجەکەی کوردی لە نیوەی رێگاوە جێهێشتووە. زۆربەی پەیوەندییەکانی روسیاو کورد بە شێوەیەك لە شێوەکان، دەچنە قاڵبی سیاسەتە هەڵپەرستەکان نەك پەیوەندی ستراتیژی درێژخایەن لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا.

تەوەری سەرەکی پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و روسیا لە راستیدا بۆ ئەو پێگە سیاسی و جیۆپۆلۆتیکییەی هەرێمی کوردستان دەگەرێتەوە کە لە ناوچەکەدا هەیەتی؛ هەرێمی کوردستان خاوەن پرسێکی نەتەوەییە کە بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوەیی سێ وڵاتی سەرەکی وەک تورکیاو ئێران و سوریا (لە عێراق دۆخەکە گۆڕاوە). ئەم پێگە سیاسییەی هەرێمی کوردستان لەگەل ئاراستەی ئەو جۆرە سیاسەتە دەگونجێت کە روسیا لە ناوچەکەدا پەیرەوەی دەکات؛ مەبەست بەکارهێنانی کارتی کورد وەک گوشار لەسە وڵاتانی ناوچەکادا.

دوو فاکتەری سەرەکی کاریگەریان هەبووە لەسەر پەییوەندییەکانی روسیا کورد بە گشتی و هەروەها هەرێمی کوردستانیش بە تایبەتی، لە ئاییندەشدا ئەو کاریگەریە هەر دەمێنێت. یەکەم، پرسی وزەش کە پرسێکی تازەیە لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و روسیا دەکرێت کارتێکی گونجاو بێت بۆ سیاسەتی روسیا لە ناوچەکدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا روسیا لە نێوان دەوڵەتانی ناوچەکەو هەرێمی کوردستاندا دواجار کیانە دەوڵەتیەکان هەڵدەبژێرێت؛ ئەم جۆرە روانینەی زلهێزەکان لە راستیدا وابەستەی هاوکێشەو گۆڕانکارییە سیاسیەکان و باڵانسی هێزە لە ناوچەکدا. بۆیە روسیا هەر کات خۆی بە پەراوێزخراو بینی لە هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکەدا ئەوا پەنا دەباتە بەر ئەکتەری نادەوڵەتی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان. فاکتەری دووەم، فاکتەری هەرێمییە، بە تایبەتیش تورکیا، کە روسیا هەمیشە رەچاوی کردووە لە پەیوەندییەکانی لەگەل کورد بە گشتی و هەرێمی کوردستانیشدا.

لە کۆتادا، گرنگە لەوە تێبگەین کە روسیا لە کەشێکی ئاساییدا دەیەوێت لەگەل هەموان دۆست بێت، بەڵام لە کەشێک کە لە بەرژەوەندی مۆسکۆ نەبێت و هەست بە پەراوێزخستن بکات ئەوا بێگومان پەرچەکرداری دەبێت. بەڵام بۆ کاراکتەرێکی وەک هەرێمی کوردستان بوون بە بەشێک لە پەرچەکرداری زلهێزیک یارییەکی بێ مەترسی نیە، چونکە زۆربەی پەرچەکردارەکان کاتین، کە دۆخەکە ئارام بووەوە لایەنی سێیەم دەبێتە قوربانی؛ کورد تا ئێستا ئەو جۆرە سیاسەتانەی زۆر تاقیکردۆتەوە دەبێت ئەزموونێکی باشی هەبێت و بە ئاسانی نەکەوێتە داوی یاری نێوان هێزە گەورەکان. بۆیە دواجار ململانێ و بەرژەوەندی زلهێزەکانی هەمیشە لە دوو سەرەوە کاریگەری هەبووە لەسەر پرسی کورد؛ لە لایەک لەسەر پەیوەندی ئەو زلهێزانە great powers لەگەل کورد، لە لایەکی تریش لەسەر پەیوەندی و شێوازی خەبات و ئامانجی هێزە کوردییەکانیش لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە خەباتیان لە دژیان کردووە (واتا، عێراق، تورکیا، ئێران، سوریا) لەزۆر رووەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەری سیاسەتی هێزە گەورەکانی ناوچەکە، بە تایبەتیش، ئەمریکاو روسیا.

# سەرچاوەکان:

**یەکەم/ بە زمانی کوردی:**


١. زوبێر رەسول، رووداو، ٢٠١٩/٩/٢٥، رادەستکردنی نەوت بووژانەوە، یان پوکانەوەی هەرێمی کوردستان. ماڵپەری رووداو. https://www.rudaw.net/sorani/opinion/25092019?fbclid=IwAR3X3B2POtTtZ04xcLPYVvg MancZB8m68El6TcAEQI0EwBKFBn8do57L8S0 . [رۆژی سەردانیکردن ٢٠٢٠/٧/١].

٢. مام جالال، ٢٠١٧، دیداری تەمەن- لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەرگی یەکەم، چاوپێکەوتن : سەلاح رەشید، چاپخانەی کارۆ.


**دووەم / بە زمانی عەرەبی:**


٣. إياد الجعفري، ٢٠١٩. الكُرد وروسيا: تاريخ من الخيبات. المدن، بەردەستە لە ئینتەرنێت: <<shorturl.at/nPR68>>. [رۆژی سەردانیکردن ٢٠٢٠/٧/٥].

٤. عماد يوسف قدورة، ٢٠١٦. التأثير الإقليمي والدولي في القضية الكردية في العراق (دراسة حالة 1972-1975). بەردەستە لە ئەنتەرنێت.<< https://www.dohainstitute.org/ar/ResearchAndStudies/Pages/art764.aspx>> [رۆژی سەردانیکردن ٢٠٢٠/٧/٥].

٥. ليونيد إيساييف، ٢٠١٨ القضية الكردية في تاريخ وسياسات روسيا. مركز الجزيرة للدراسات. بەردەستە لە ئەنتەرنێت <<https://studies.aljazeera.net/ar/reports/2018/08/180823085901989.html>>. رۆژی سەردانیکردن [٢٠٢٠/٧/١٢].

٦. يفجيني بريماكوف، ٢٠١٦، الكواليس السرية للشرق الاوسط ( النصف الثانى من القرن العشرين و بداية القرن العادى والعشرين)، ترجمة نبيل رشوان، الطبعة الاولى، المركز القومي للترجمة، القاهرة.


**سێیەم / بەزمانی ئینگلیزی:**


7. Ali Shah, S. (2003). IRAQ CRISIS: RUSSIA'S MIDDLE EAST POLICY. Strategic Studies, Summer 2003,Vol. 23,No. 2. Online <http://www.jstor.com/stable/45242470 >. [Accessed 2/5/2020].

8. Anlar, A. (2006). Russian foreign policy towards Iraq in the Post-Cold War Era (Master's thesis).

9. Bielicki, P., (2017) Policy of the Russian Federation towards Kurds in the Syrian Conflict. University of Casimir the Great in Bydgoszcz, Poland. Securitologia, No 2 Online <<file:///C:/Users/win10/Desktop/Securitologia_1_2018_27_033_050.pdf>>. [Accessed 8/6/2020].

10. Borshchevskaya, A. (2020) The Kurdish Role in Russia's Middle East Power Play. The *Washington Institute for Near East Policy*. Online <<https://www.washington institute.org/policy-analysis/view/the-kurdish-role-in-russias-middle-east-powerplay?fbclid=IwAR05lM6c88p_TDxehWMEw2BhmxDhLYcjSDDVFu5dv77oc7J72Fweri1KRXg>>. [Accessed 1/8/2020].

11. Borshchevskaya, A., and Wahab, B. (2018). In Search of a New Patron, the KRG Turns Back to Moscow. The *Washington Institute for Near East Policy.* Online <<https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/in-search-of-a-new-patron-the-krg-turns-back-to-moscow>>. [Accessed 15/6/2020].

12. Chatham House, 2014. Russian Influence Abroad: Non-state Actors and Propaganda. <<https://www.chathamhouse.org/sites/default/files/field/field_ document/20141024RussianInfluenceAbroad.pdf>>. [Accessed 2/7/2020].

13. Comments by Russian workshop participants, RAND CMEPP Workshop, London, September 2016, and Washington, D.C., October 2016.

14. David Hearst, "Russia Signs 'Giant' Oil Deal with Iraq," Manchester Guardian Weekly, 18 February 1996.

15. Delanoë, I. (2015). The Kurds: A Channel of Russian Influence in the Middle East? Franco-Turkish Paper, No. 14.

16. Denzin, N. (ed.), 2007, The SAGE handbook of qualitative research. 3. ed., SAGE Publications, Thousand Oaks.

17. Freedman, R. 2001. Russian Policy toward the Middle East: The Yeltsin Legacy and the Putin Challenge. *Middle East Journa*l, Vol. 55, No. 1, pp. 58-90. <http://www.jstor.com/stable/4329582>. [Accessed 2/5/2020].

18. Golan, G. (1992). Gorbachev's difficult time in the Gulf. Political science quarterly, 107(2), 213-230.

19. hydrocarbons-technology (2012) Nabucco Gas Pipeline, Europe. Online <https://www.hydrocarbons-technology.com/projects/nabuccopipeline/>. [Accessed 9/7/2020].

20. Ibrahim, F. (2000). *The Kurdish conflict in Turkey*: *obstacles and chances for peace and democracy* (Vol. 4). LIT Verlag Münster.

21. Katz, M. N. (2010). Russia's Greater Middle East Policy: Security Economic Interests, Courting Islam. Online <<https://www.ifri.org/sites/default/files/atoms/ files/ifrirussiamiddleeastkatzengapril2010.pdf>>. Accessed [5/7/2020].

22. LUHN, A. 20202. Putin's game in the Middle East. Online. <<https://www.politico.eu/article/game-in-the-middle-east-vladimir-putin/>> [Accessed 2/7/2020].

23. Nizameddin, T. (1999). Russia and the Middle East: towards a new foreign policy. C. Hurst & Co. Publishers.

24. Olga Oliker, Keith Crane, Lowell H. Schwartz, and Catherine Yusupov, Russian Foreign Policy: Sources and Implications, Santa Monica, Calif.: RAND Corporation.

25. Olson, R. (1996). The Kurdish question and Chechnya: Turkish and Russian foreign policies since the Gulf War. Middle East Policy, 4(3), 106-119. <<https://onlinelibrary.wiley.com/doi/epdf/10.1111/j.1475-4967.1996.tb00227.x>>. [Accessed 5/7/2020].

26. Petkova, M. (2019). "What did Russia get from its KRG gamble?. Al-Jazeera, April, 15; Vocal Europe (2017) Kurd Your Enthusiasm: What Are Rosneft And Russia Up To In Iraq? Online <<https://www.vocaleurope.eu/kurd-your-enthusiasm-what-are-rosneft-and-russia-up-to-in-iraq/>>. [Accessed 9/6/2020].

27. Pietro A. Shakarian, 2017. Top Ten Origins: Russia's Relations with the Kurds. Online <<http://origins.osu.edu/connecting-history/top-ten-origins-russia-s-relations-kurds>>. [Accessed 20/6/2020].

28. Popovic, N. (2020). The Energy Relationship Between Russia and the European Union. Online <https://www.e-ir.info/2020/02/24/the-energy-relationship-between-russia-and-the-european-

union/#:~:text=In%202018%2C%20around%2040%25% 20of,Europe%20(Gazprom%2C%202018)>. [Accessed 1/7/2020].

29. President of Russia, (22. Oct 2019) Memorandum of Understanding Between Turkey and the Russian Federation. <<http://en.kremlin.ru/supplement/5452>>. [Accessed 13/7/2020].

30. Ramani, S. 2020. Russia's Outreach to Iraqi Kurdistan: A Gambit for Energy Investments and Regional Status. RUSI, Vol. 40, No. 1. Online <<https://rusi.org/publication/rusi-newsbrief/russia%E2%80%99s-outreach-iraqi-kurdistan-gambit-energy-investments-and-regional>>. [Accessed 12/6/2020].

31. Reynolds, M. A. (2016). Vladimir Putin, Godfather of Kurdistan. *The National Interest*, *1*. <<https://nationalinterest.org/feature/vladimir-putin-godfather-kurdistan-15358>>. [Accessed 12/7/2020].

32. Rudaw, 24-7-2017. Sergey Lavrov to Rudaw: Referendum is expression of Kurdish people's aspirations. Online <<https://www.rudaw.net/english/interview/24072017.>>. [Accessed 5/7/2020].

33. Seale, C., 2011, Secondary Analysis of Qualitative Data, in: Qualitative Research (ed. D. Silverman), 3rd ed., pp. 347-364, SAGE Publications, London.

34. Sladden, J., Wasser, B., Connable, B., & Grand-Clement, S. (2017). Russian strategy in the Middle East. Online<<https://www.rand.org/pubs/perspectives/ PE236.html?adbsc=social_20170810_1717621&adbid=895444590248861697&adbpl=tw&adbpr=22545453>>. [Accessed 20/6/2020].

35. Taylor, A. ( 2019) . U.S. allies in the Mideast consider their options as Russia's Putin visits the Gulf. The Washington Post.Online <<https://www.washingtonpost.com/world/2019/10/14/us-allies-mideast-welcome-state-visit-russias-putin-amid-syria-turmoil/>>. [Accessed 2/7/2020].

36. Trenin, D. (2016). Russia in the Middle East: Moscow's objectives, priorities, and policy drivers. Task Force on US Policy Toward Russia, Ukraine, and Eurasia. New York: Carnegie Endowment for International Peace.

37. Wasser, B. (2019). The Limits of Russian Strategy in the Middle East. RAND. Online<<https://www.rand.org/content/dam/rand/pubs/perspectives/PE300/PE340/RAND_PE340.pdf>> Accessed [5/7/2020].

38. Winrow, G. (2017). Turkey and Russia: The importance of energy ties. Insight Turkey, 19(1), 17-32. Online <https://www.jstor.org/stable/10.2307/26300476>>. [Accessed 5/7/2020]. P.23.

39. Xalid G. (2016), Author: Kurds, Russians origins the same, portal Kurdistan24.net, online <<http:// www.kurdistan24.net/en/news/859bdd87-809a-4c97-8bd8-a2437ed7d767/author-kurds--russians-origins-the-same>> [Accessed 1/7/2020].

40. Zhdannikov, D. (2017). Russia Becomes Iraq Kurds' Top Funder, Quiet About Independence Vote. Reuters, September, 20. Online <<https://www.reuters.com/ article/us-mideast-crisis-kurds-referendum-russi/russia-becomes-iraq-kurds-top-funder-quiet-about-independence-vote-idUSKCN1BV1IH>>. [Accessed 5/7/2020].